www.kurdistannet.org
1-3-2007 22:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زەلاتان ئیبرامیم ئۆفیچ ئێستا وەلامی لاگەربێک دەداتەوە ... ئەنور خەراجیانی

به گوێرەی ئەو هەولەی لە سەر تۆری ئەنتەر نیت بلاوکراوەتەوە راهێنەری سویدی لارس لاگربیك دانیشتنی لە گەڵ یاریزانی یانەی ئەتەر میلاو هەڵبژاردەی سویدی زەلاتان ئیبرامیمۆفیچ کردووە، ئەمرۆ یاریدەدەی راهێنەری سویدی







رۆلاند ئەندەرسۆن ووتی من نامەویت باس لەوە بکەم کەچی وەلام دراوەتەوە لەسەر قسەکانم بەلام زۆر شتمان باس کردووە هیوادارین ئیشەکانمان بەباسی بڕوات، ئەوەی شایەنی باسە ئەمرۆ بۆ یەکەم جارە سنووری بێ دەنگیان شکاندووە لە نیوانیانا پاشان کەوتونەتە گفتوگۆ کردن هەر چەندە زەلاتان تا ئەمرۆ نەی دەویست

نە هیچ شێوەیەك قسە لەسەر ئەو باسە بکات یان وەلامی تەلەفونی بداتەوە بۆیە ناچار چون بۆ لای یاریزانی ناو براو لە ئیتالیا، لە شاری میلان، لاگریبك روبەرووی زەلاتان بووە وە دانیشتنەکەیان زۆر سەر کەوتو بوو لە ئەنجامی قسەکانیاندا رۆلاند ووتی زەلاتان با بە تەواوەتی بیری لێ بکاتەوە بەلام ئەمرۆ هەڵبژاردەی سوید زۆر پیویستیان پییەتی سوید لە ئەرکێکی زۆر زەحمەتدایە لە گروپی خۆیدا هەر چەندە تا ئێستا یەکەمی گروپی خۆیەتی بەلام قۆناغی داهاتوو یاریەکانی زۆر سەخت دەبیت بۆ بەشدار بوونی کاسی ئەورپای 2008، لەم کاتەدا تۆپ لە قاچی زەلاتانە چی بریارێك ئەدات بۆ گەرانەوەی هەر چەدە ماوەی 14 رۆژی ماوە بۆ دانانی لیستی یاریزانەکان، ئەمرۆ رۆژنامەکانی سوید زۆر گرنگیان داوە بەم باسە، بە گوێرەی نووسینی رۆژنامەکان زەلاتان دە گەرێتەوە ریز بەندی هەڵبژاردە.
ئەگەر نەش گەرێتەوە بۆ هەڵبژاردەی سوید ئێمە رێز لە بریارەکانی دەگرین وەك رۆلاند دەلێت.

ئامادەکردنی
ئەنور خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.